## ئەندازیار بروسکە ئیبراهیم:

# دەوڵەتی کوردی خەون نییە، من ئەوە بە خەون دەزانم کە دەوڵەتێکی دیموکراتی لە ئێراقدا دروست بێت

بەهمەن عومەر– هەولێر

**بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر هۆکاری دوورکەوتنەوەی زۆرێك حزب و لایەنە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان لە داواکردنی سەربەخۆیی بۆ کوردستان، کێشەکانی بەردەم دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردستان، چەند بابەتێکی پەیوەندیدار بەو بابەتەوە (میدیا) ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ بروسکە ئیبراهیم بەرپرسی مەکتەبی دەرەوەی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، ئەنجامدا.**

**میدیا: ئێوە لەسە ئاستی نێودەوڵەتی چالاکیتان هەیە لە بواری نەتەوەیی کورد دا لەو رووەوە کێشەی کورد تا چەندە چۆتە پێشەوە؟**

**بروسکە ئیبراهیم: لە راستیدا جیاوازی هەیە لە نێوان پارچەکانی کوردستاندا بۆ نموونە پێش ئەوەی لە باکووری کوردستان پێش ئەوەی PKK دروست ببێت کەس کەم باسی کوردی دەکرا، لەو پارچەیەدا لە باشووری کوردستان ئەو ناوەی نەبوو، ئێستاش ئەو ناوەیی نییە، بۆ نموونە تا ئێستاش کە نوێنەری حکومەتی هەرێم دێتە ئەوروپا بەناوی حزبەکانییانەوە قسەدەکەن بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە قسە ناکەن، لەبەر ئەوە زۆر کەس باسی حکومەتی کوردستانی باشوور ناکات، ئەگەر لێیان بپرسیت دەڵێن ئەوانە هەریەکەو لە شوێنێکی بچوك حکومەتێکی بۆ خۆی دروست کردوە، بەڵام ئێستا ماوەیەکە دەبینی کۆمەڵێکی زۆر کونسوڵخانەی وڵاتانی ئەوروپایی لە کوردستان کراوەتەوە ئەوە کاریگەری باشی دەبێت، بەگشتی باشووری کوردستان لە دوای رووخانی حکومەتی ئێراقەوە هەندێك پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام هێشتا بەوشێوەیەش نییە، بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەك ئەڵمانیا تا ئێستا شوێنێك نییە کە ناوی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت لە زۆربەی وڵاتانی دیکەش هەر بەهەمان شێوەیە.**

**میدیا: تا چەندە سیاسییەکانی کورد باوەڕیان بەوە هەیە کە دەوڵەتی کوردی دروست بکەن؟**

**بروسکە ئیبراهیم: ئێمە کاتی خۆی دەمان گوت کوردستان دابەش کراوە بەزۆر لکێندراوە بە وڵاتانی دیکەوە، بە ئارەزووی خۆمان نەبووە، بەڵام لە ماوەی رابردودا دوو جار باشووری کوردستان، هەلی باشی بۆ هاتووەتە پێشەوە کە دەیتوانی حکومەتی سەربەخۆی کوردستان رابگەیەنێت بەڵام نەیکرد، یەکەم جار لە ساڵی 1991 کە راپەڕینەکەی گەلی کوردستان روویدا، جاری دووەم لە پاش روخانی حکومەتی ئێراق لە ساڵی 2003، لەو دوو هەلە دا جارێکی دیکە کورد خۆی بە ئێراقەوە لکاندەوە، لە کاتێکدا ئێراق نەمابوو، زەمینەیەکی لەبار بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی لە ئارادا بوو، لەو رۆژەدا ئەگەر کورد داوای سەربەخۆیی بکردایە هەموو ئەوروپا یارمەتی دەدا، ئەوان ئێستا دەڵێن ئێوە خۆتان دەوڵەتی کوردیتان ناوێت، خۆتان هەڵناقۆزنەوە.**

**میدیا: بەڵام سیاسییە کوردەکان دەڵێن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی زەمینەی دروستکردنی دەوڵەتی کوردیی لە ئارادا نەبوو، بۆیە داوای دەوڵەتی کوردییان نەدەکرد، تۆش دەڵێی زەمینە هەبووە، کەواتە پێتوایە سەرکردەکانی کوردستان توانا خوێندنەوەی واقیعی سیاسی نێودەوڵەتیان نەبووە؟**

بروسکە ئیبراهیم: بە بڕوای من چەند خاڵێك هەیە کە زۆر گرنگە ئاماژەی پێ بکەین یەکەم ئەوەیە کە لە مێژوودا وابووە کورد باوەڕی بەخۆی نەبووە و نییە، خۆی بەرانبەر بە گەلانی دیکە بەکەم زانییوە، خاڵێکی دیکەش ئەوەیە کە ئەو حزبانە شتەکەیان هاتووەتە بەردەم خۆیان هیچیان نەکردوە، بۆ نموونە لەساڵی 1991 خەڵکی باشووری کوردستان راپەڕی خۆ ئەوان نەیان کرد؟ بەڵکو گەل بوو راپەڕی، ئەوانە کەسیان لە کوردستاندا نەبوو کە هاتنەوە بەڕاستی تێکیاندا. خۆتان ئاگاتان لێیە خەڵك چووە کەرکوك، کەرکوك رزگار کرا، ئەگەر حزبەکان نەبووایە باشتر دەبوو، چونکە کە هاتنەوە دیسان دەستیان کرد بە ململانێ بۆ راکێشانی پۆست و پلە و پایە دیسانەوە چونەوە بەغدا بۆ گفتوگۆ لە گەڵ بەغدا ئەوەش هەلەکەی لەدەست کورددا بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی، ئێستاش هەروایە زۆربەیان لە سیاسەتی دونیا ناگەن وادەزانن دونیا هەر ئەم هەرێمە بچوکەیە وادەزانن کە پاشە ڕۆژی کوردستان تەنیا بە ئەم وڵاتانەی دەورو بەرەوە بەستراوە لە کاتێکدا وانییە، سەبارەت بە 2003 کە هەلێکی دیکەبوو لە دەستدرا ئەو کاتە ئەمریکا بەهۆی ئەوەی تورکیا ڕێگای بە هاتنە ناوەوەی سوپاکەی نەدابوو کە لە خاکەکەیەوە بێتە ئێراق نێوانیان تەواو نەبوو، هەروەها ئێران و سوریاش دەترسان ئەمریکا لێیان بدات، ئەوانیش نەیان دەوێرا قسە بکەن، هەوەها ئێراقیش رووخابوو کەواتە هیچ کەس نەبوو دژایەکی کوردستان بکات ئەمریکاش تەنیا یەك دۆستی هەبوو لە ناوچەکەدا کە کورد بوو، بۆیە بێگومان لەو کاتەدا ئەو تەنیا دۆستەی خۆیی لە دەستنادات، بۆیە ئەگەر کورد ئەوکاتە داوای دەوڵەتی سەربەخۆیی بکردایە باشترین کات بوو، من نموونەیەك باس دەکەم لەو کاتانەدا کە بڕیار بوو بدرێت لە ئێراق رادیۆیەکی ئەمریکی هەبوو کە بە عەرەبی پەخش دەکرا، بەناوی (ئێراق حوڕ) من بەردەوام گوێم لێ دەگرت، ڕۆژنەبوو باسی دەوڵەتی کوردی نەکرێت، ڕۆژانە دیمانە لەگەڵ خەڵکی جیاواز باس باسی ئەوە بوو کە لێدانی ئێراق گەورەترین هەل بۆ کورد دروست دەکات بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی خۆیان، بەڵام دواتر کورد نەیتوانی ئەو هەلە بقۆزێتەوە.

میدیا: بەڵام سیاسییە کوردەکان باس لەوە دەکەن کە ئەگەر ئێمە دەوڵەتی کوردی رابگەیەنین ئەوکات وڵاتانی دراوسێ دەروازەکانیانمان لێ دادەخەن و ئێمەش لەو چوارچێوەیەدا ناتوانین خۆمان رابگرین؟

بروسکە ئیبراهیم: هەموو شتێك کاتی خۆی هەیە، بۆیە من باسی ئەو هەلانەم کرد، چونکە لەو کاتانەدا شتەکە بەدەستی ئەمریکا بوو، ئەویش پێویستی بە ئێمەبوو نە تورکیا، نێوانی لەگەڵ ئەمریکادا هەبوو نە ئێران و سوریاش نەیان وێرا قسە بکەن، چونکە خۆیان دەترسان ئێران هێرش بکاتە سەریان، بۆیە رەنگە لە ئێستادا زەحمەتتر بێت، چونکە ئێستا حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان هاتوون هەرچی بەرژەوەندی ئەوانی دیکە هەیە دەیپارێزن، بەڵام بەرژەوەندی ناوخۆیی ناپارێزن، ئێمە ئێستا هەموو شتێکمان لە دەرەوە بۆ دێت کشتوکاڵمان پەکی کەوتووە، داهاتی ناو خۆیمان نییە، بۆیە ئەڵێن ئەگەر سنوورەکانمان لێ دابخرێ لە برسا دەمرین، بەڵام شتێکی دیکە هاتووەتە پێشەوە، ئەویش کێشەی ناوخۆی عەرەبەکانە، ئەوەتا هەشت مانگە هەڵبژاردن کراوە، بەڵام تا ئێستا حکومەت دروست نەبووە، چونکە نە سوننە و نە شیعە یەك نیین کورد ئێستا دەیتوانی لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی دونیادا قسە بکەن، بڵێت ئێراق ناتوانێت بەوشێوەیەی ئێستا بەردەوام بێت، بۆیە من دەمەوێت جودا ببمەوە، سەرۆکەکانی کورد کە دەچن بۆلای سەرۆکی ئەمریکا باسی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی ناکەن باسی یەکێتی خاکی ئێراق دەکەن، ئەوان دەتوانن لە کۆبوونەوە دوو قۆڵیەکاندا باسی دەوڵەتی کوردی بکەن باس لەوە بکەن کە ئێراق بەم شێوەیەی ئێستا تاهەتایە بەردەوام لە کێشەدا دەبێت، بۆیە پێویستە بکرێت بە چەند بەشێکەوە بۆ ئەوەی هەر کەسەو بۆخۆی بژی بەڵام ئەوان بەردەوام لە راگەیاندنەکاندا باس لە یەکێتی خاکی ئێراقدەکەن و دەڵێن ئێمە گرنتی مانەوەی یەکپارچەیی خاکی ئێراقین.

میدیا: بەڵام ئەو سەرکردانەمان بەردەوام باس لەوە دەکەن کە بەدرێژایی تەمەنیان خەباتیان بۆ سەربەخۆی کوردستان مافی چارەی خۆنوسین کردوە؟

بروسکە ئیبراهیم: من باوەڕ بەو قسانە ناکەم پێم وانییە ئەوان خەباتیان بۆ دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان کردبێت، بۆ نموونە قسەکانی مام جەلال کە لەم رۆژانەدا کردنی دیارە کە دەڵێت دەوڵەتی کوردیی خەونە، مام

جەلال دروست کردنی دەوڵەتێکی دیموکراتی پێشکەوتوو کە سەرجەم مافەکانی مرۆڤ فەراهەم بکات لە ناو وڵاتێکی وەك ئێراقدا بەخەون نازانێت، بەڵام دروست کردنی دەوڵەتی کوردی بە خەون دەزانێت! لە راستیدا من ئەوە بەخەون دەزانم کە دەوڵەتێکی دیموکراتی لە ئێراق دروست ببێت، چونکە ئەو عەرەبانە سوونی بێت یان شیعە ناتوانن و ئامادەیی ئەوەیان تێدا نییە کە دەوڵەتێکی دیموکراتی دروست بکەن ئەو هێزانەی تا ئێستا نوێنەرایەتی سوننەو شیعەی ئێراق دەکەن هیچیان ئەو هێزانەنین بتوانیت دڵیان پێ خۆش بکەیت کە ئایندەی ئێراق بەرەوە دیموکراتی دەبەن.

میدیا: یەکێك لەو هێزانەی کە لەم هەڵبژاردنەدا زۆر گەشەی کرد بەعس بوو کە خۆی لە چوارچێوەی لیستی ئێراقییەدا بینیەوە، ئەوە تاچەندە ئومێدی دەستکەوتی نەتەوەی بۆ کورد لە ئێراقدا کەمتر دەکاتەوە؟

بروسکە ئیبراهیم: ئەگەر تەماشا بکەین ئەوەی کوردی ئەنفال کرد کێ بوو جینۆسایدی بەرانبەر بەکورد ئەنجامدا بێگومان بەعسییەکان بوون، هەروەها کەسێکی وەك عەللاوی کەسێکی کۆنە بەعسی یە کە لە سەدام جیا بووەتەوە لەسەر ئەوە نەبوو کە عەللاوی داوای دیموکراتی کردبێت بۆ ئێراق و سەدام دژی دیوکراتی بێت یان لەسەر ئەوە نەبووە کە عەللاوی دژی ئەو هەموو تاوانە بووبێت کە سەدام دەیکردو لەو رووەوە کێشەی لەگەڵ سەدامدا هەبووبێت، بەڵکو کێشەیان لەسەر پلەو پایە بوو لەگەڵ سەدام، بۆیە ئەمانە بە هیچ جۆرێك نابێت باوەڕیان پێ بکرێت بەڵام بەداخەوە کورد زۆر خۆش باوەڕە، عەرەبەکان دێنە هەولێر و دوو بڕیاردەدەن و دوای دەڵێن تەواو ئیتر بریاری ئەوە دراوە، زۆرم بەلامەوە سەیرە کە کورد بۆخۆی حکومەتێك لە بەغدا دروست دەکات و دوایی دەچێت داوای مافی خۆیی لێ دەکات! ئێستا حکومەتی بەغدا نەماوەو لەناو چووە دەبێت ئێمە هەرگیز کار بۆ ئەوە نەکەین کە ئەوان رێکبخەینەوە ئەوە ئیشی ئێمە نییە، بەڵام بەداخەوە سیاسییەکانی ئێمە لەبەر بەرژەوەندی خۆیان لەبەر بەدەست هێنانی پۆست لە بەغدا ئەوەیان لەبیر کردوە کە دەبێت کاری ئەوان هەوڵدان بێت بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی نەك بەهێزکردنی حکومەتی ئێراقی.

میدیا: بەڵام ئایە ئەگەر بزانن دەتوانن حکومەتی سەربەخۆی کوردی دروست بکەن نەیان دەکرد؟ ئەگەر وەك بەرژەوەندی کەسیش سەیری بکەین ئایا کەسێك سەرۆکی وڵاتێکی سەربەخۆ بێت باشە یان سەرۆکی هەرێمێکی فیدراڵ؟

بروسکە ئیبراهیم: بە بڕوای من دوو خاڵی گرنگ لێرەدا هەیە، یەکەم ئەوەی کە وەك لە سەرەتاوە گوتم باوەڕیان بەخۆیان نییە، خاڵی دیکەش ئەوەیە کە هێزەکانی کوردستان یەکگرتوو نین، بۆ نموونە ئەگەر سەرکردەیەك لێرە بڵێت من سەربەخۆیی کوردستانم دەوێت، لەوانەیە یەکێکی دیکە لەوملا بڵێت من سەربەخۆیم ناوێت، بۆیە ئەوە بە لایەك ناکرێت ئەگەر حزب و رێکخراوە کوردییەکان یەکبوونایە ئەوە ئاسانتر دەبووە، بۆیە ئێمە وەك کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان دەڵێین وەرن با ئێمە هەمووومان دانیشین لەسەر مێزێك تا باسی سەربەخۆیی کوردستان بکەین، ئێمە هەموومان دەزانین رێگاکە زەحمەتە، بەڵام کە زەحمەتە بە کەسێك و چەند کەسێك ناکرێت، کەواتە بە هەموومان دەکرێت پێکەوە هێزی هەموو زیاتر دەبێت لە هێزی تاکە لایەنێك، ئەوە 20 ساڵە هەرێمی کوردستان هەیەو لە 2003 بەتەواوی سەربەخۆیە، بەڵام ئایا تا ئێستا هێزەکانی سلێمانی و هەولێر یەکن بێگومان نەخێر، ئەگەر ئێمە نەتوانین دوو شار یەکبخەین ئەی چۆن باسی سەربەخۆیی کوردستان بکەین بۆیە کەس باوەڕمان پێ ناکات، بۆیە ئەگەر هێزێکی کوردی بە تەنیا بڵێت من حکومەتی کوردیم دەوێت دەڵێن ئەوە رای هەموو کورد نییە، بەڵام کە هەموو پێکەوە بوون ئەوکات هێزێکی گەورەی دەبێت.

میدیا: بەڵام رایەك لە باشووری کوردستان هەیە دەڵێت ئێمە ئێستا باس لە دەوڵەتی کوردی بکەین ئەوەش کە هەمانە لە دەستی دەدەین؟

بروسکە ئیبراهیم: جا چیمان هەیە لە کیسمان بچێت؟ ئەو هەرێمەی کە هەمانە کێ دەڵێت بەوەی کە لە چوارچێوەی ئێراقدا بمێنینەوە مسۆگەر دەبێت؟ کێ گەرەنتی ئەوە دەکات کە ئەگەر ئێراق بەهێزبوو جارێکی دیکە وەك زەمانی سەدام هێرش ناکاتەوە سەرمان؟ بۆیە ئەگەر رۆژێك بێت حکومەتی ئێراق بەهێز بێت و بەسەر

گرفتەکانی ناوخۆیدا زاڵبێت و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانی بەهێز بکات و چەکی و تفاقی باشی هەبێت من لەو باوەڕەدام هەرێمی کورستان نامێنێتەوە ئەم هەرێمی کوردستانەی کە ئێستا ماوە لە کزی بەغدایە ماوە لەبەر ئەوەی کە جارێی ئەویٚ هیچ نییە باحکومەتێکی بەهێز لە بەغدا دروست ببێت، ئەوە ئەمەشمان لە کیس دەچێت، بەڵام ئەگەر ئێمە دەوڵەتێکی کوردیمان هەبێت پەیوەندیمان بەوەوە نابێت کە بەغدا بەهێزە یان بیٚ هێزە.

میدیا: ئەو شانازییەی کە ئێستا کورد دەیکات بەوەی کە بووە بەهۆی رێکخستنی هەموو لایەنە ئێراقییەکان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

بروسکە ئیبراهیم: من ئەوە بە هەڵە دەزانم ئیشی ئێمە ئەوەیە کە رێکخراو حیزبە کوردییەکان یەك خەین، نەك حیزبە ئێراقییەکان یەك بخەین، ئێمە دەبێت کار بۆ ئەوە نەکەین کە ئەوان بەهێزبێت. بۆیە هەڵەیە کە کورد شانازی بە یەکخستنی ئێراقییەکانەوە بکات.

میدیا: چەند جارێکە باس لەوە دەکرێت کە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردی دەبەستێریت و دواتر دوای دوادەخرێت ئەوە بەکویٚ گەیشت سوودی ئەو کۆنگرەیە لە چی دایە؟

بروسکە ئیبراهیم: ئەوەی کە ئێمە باسی دەکەین بەناوی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد و ئەوەی حزبەکان باسی دەکەن شتێکی دیکەیە، ئێستا کۆنگرەیەك هەیە بەناوی KNKئەوە سەر بەPKK یە لەوکاتەدا شتەکە دەبێتە حزبی، ئێمە داوادەکەین کۆنگرە سەر بەخۆبێت بە هیچ لایەنێکەوە نەبەسترابێت، ئێستاش بیستومە هەوڵ هەیە کرنگرەیەك لە هەولێر بکرێت، بەڵام PKK تێدا نەبێت، چونکە تورکیا عاجز ئەبێت، دەی کەواتە تۆ هەر لە سەرەتاوە نەتویست لایەك بەشداریێت ئەوە نابێت بە کۆنگرەی هەموو کورد، پاشان ئەگەر کۆنگرەیەك لە هەولێر بێت دەبێت ئەو کۆنگرەیە سەر بەدەسەڵات بێت ئەگەر نا قبوڵی ناکات، بەڵام ئەو کۆنگرەیەی کە ئێمە باسی دەکەین، دەبێت لە سەروەی هەموو حزبەکانەوە بێت و هەموو حزبەکانیشی تێدابێت ئەوکاتە دەبێت بە کۆنگرەی هەموو کورد، ئێمە لە ساڵی 1985 ەوە دەمانەوێت ئەو کۆنگرەیە ببەستێریت کە بتوانێت ستراتیژیەتی نەتەوەیی دابڕێژێت و هەموو لایەك پابەندبن پێیەوە بەڵام تا ئێستا نەکراوە. هەر بۆیە پێم وایە ئەم حزبانە بە جدی نایانەوێت سەربەخۆیی کوردستان بەدی بێت، راستە چەند ساڵە خەبات دەکەین، بەڵام ئەجێندای کاری ئەوان سەربەخۆیی نەبووە.

میدیا: ماوەی ساڵێکە بزوتنەوەی گۆڕان دروست بووە وەك هێزێکی ئۆپۆزسیۆن لە رووی نەتەوەییەوە ئاراستەی ئەو بزوتنەوەیە چۆن دەبینی؟

بروسکە ئیبراهیم: لە هەر سیستەمێکی دیموکراسیدا دەبێت ئۆپۆزسیۆن هەبێت، بۆیە بۆ خۆی هاتنە ئاراوەی ئۆپۆزسیۆن کارێکی ئیجابیە سەبارەت بە گۆڕانیش خاڵێکی گرنگ ئەوەیە کە ئەو شتانەی تا ئێستا باسیان دەکەن داواکارییەکانی خەڵکە، بەڵام لە پرسە نەتەوەییەکاندا، ئەوان وەك ئاگادارم دەڵێن ئێمە واز لە کەرکوك ناهێنین و لە پرسەکانی دیکەشدا رایان باشە، بەڵام تا ئێستا ئەوان باسی دەوڵەتی کوری ناکەن، بۆیە بەلای منەوە یەکێك نەتەوەییە کە باس لە دەوڵەتی کوردی بکات، قەزیەی نەتەوەیی بەڵام منەوە تەنیا ئەوەیە کە دەوڵەتی کوردیت هەبێت، تا ئێستاش نەمبیستووە گۆڕان باسی ئەوەی کردبێت.

میدیا: لە درێژی ئەم دیمانەیەدا هەموو قسەکانت دەهێنیتەوە بۆ دەوڵەتی کوردی، بەڵام لە ئێستادا رایەك هەیە کە دەڵێت سەردەمی دەوڵەتی نەتەوە بەسەر چووە؟

بروسکە ئیبراهیم: ئەو پرسیارەم پیٚ خۆشە، چونکە ئەو پرسە لە کوردستان زۆرجار دەوروژێندرێت، من دەڵێم ئەوە هەرگیز راست نییە، بۆ نموونە ئێستا لە ئەوروپا لە 27 وڵات پێکهاتووە هەر لەو ماوەیە کورتەدا چەندید حکومەتی تازە دروستکراوە ئەوەتا چیك و سلۆفاکیا ئێستا بوون بە دوو دەوڵەت هەروەها یوغسلافیا عەرەبییەکەی و کروات و بۆسنە و ئەلبان و ئەو هەموو وڵاتە دروست بووە دوای روخانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران چەندین وڵات دروست بووە، عەرەب 22 دەوڵەتی هەیە فارس و تورك دەوڵەتیان هەیە ئایا هیچ کام لەوانە

**ئامادەن بڵێن دەوڵەتمان ناوێت؟ بێگومان نەخێر، ئەوە تەنیا کوردە ئەو قسەیە دەکات ئەو قسەیە زۆر درۆیە بەهیچ شێوەیەك وانییە هەمو دونیا پارێزگاری لە نەتەوەی خۆیی دەکات، چونکە ئەگەر گەل دەوڵەتی نەبوو هیچ قیمەتی نابێت.**

**بەکورتی من چارەسەری کێشەی کورد لە دەوڵەتی کوردیدا دەبینم، هەڵوێستی نەتەوەی هەرلایەنێکی دەبەستمەوە بە رادەی کارکردنی بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردیەوە.**

***ئەم هەیپەیڤینە لە ژمارە(461)ی رۆژنامەی میدیا بلاّوکراوەتەوە.**